له بڵاو كراوه‌كانی ماڵپه‌ڕی به‌هه‌شت

# ئه‌و شتانه‌ی خۆشه‌ویستن له‌لای خوای گه‌وره

وه‌رگێڕانی/ زریان سه‌رچناری

---

ماڵپه‌ری به‌هه‌شت
ba8.org

ماڵپه‌ڕێكی ئیسلامی زانستی په‌روه‌رده‌یی یه‌ و له‌ پێناو بڵاوكردنه‌وه‌ی ئه‌و ئیسلامه‌یه‌ كه‌ سه‌له‌فی صالح - پێغه‌مبه‌ری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوه‌ڵانی (رضي الله عنهم) له‌سه‌ری بوون - وه‌ سه‌ر به‌ هیچ گروپ و لایه‌نێكی حیزبی نیه‌.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاك بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده ، والصلاة والسلام على مَن لا نبيَّ بعده ، أما بعد :
فمِن أحب الأشياء إلى الله تعالى :

١- (الحنيفية السمحة) **واتا دینداریکردنی ڕاست و ڕەوان بەبێ زیادەڕەوی و شلگیری، بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ):** (أحَبُّ الأدْيانِ إلى الله تعالى الحَنِيفِيَّةُ السَّمْحَةُ)( رواه أحمد وحسَّنه الألباني) .

**واتە: خۆشەویسترین ئاین لەلای خوای گەورە ئاینی ڕاست و ڕەوانی ئاسانە، کە مەبەستی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامە.**

٢**–نوێژو چاکەکردن لەگەڵ دایك وباوك و تێکۆشان لە پێناوی خوار گەورەدا، بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ)** (أحبُّ الأعمالِ إلى الله الصَّلاةُ لوَقْتِهَا ثُمَّ بِرُّ الوَالِدَيْنِ ثُمَّ الجِهَادُ في سَبِيلِ الله)( متفق عليه) .

**واتە: خۆشەویسترین کردەوەکان لەلای خوای گەورە ئەمانەن: نویژکردن لە کاتی خۆیدا، چاکە لەگەڵ دایك و باوك، پاشان تێکۆشان لە پێناوی خوای گەورەدا.**

٣- باوەڕبون بەخواو گەیاندنی پەیوەندی خزمایەتی و فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپە بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ): (أحبُّ الأعمالِ إلى الله إيمانٌ بالله ثم صلةُ الرحمِ ثم الأمرُ بالمعروفِ والنهيُ عن المنكر)( رواه أبو يعلى وحسَّنه الألباني) .

واتە: خۆشەویست ترین کردەوەکان لەلای خوای گەورە ئەمانەن: باوەڕبەخوای گەورە، گەیاندنی سیلەی ڕەحم، فەرمانکردن بەچاکەو ڕێگری لەخراپە.

٤- بەردەوامبوون لەسەر بەجێ هێنانی فەرمانەکانی خوای گەورە: بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ): (أَحَبَّ الْأَعْمَالِ إِلَى اللَّهِ أَدْوَمُهَا وَإِنْ قَلَّ)( متفق عليه).

واتە، خۆشەویستترین کردەوە لەلای خوای گەورە ئەو کارەیە کە بەبەردەوامی ئەنجام بدرێت و بچڕ بچری تێدانەبێت هەرچەندە ئەو کردەوەیە کەمیش بێت.

٥- یادی خوای گەورە، بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ): (أحب الأعمال إلى الله ، أن تموت ولسانك رطب من ذِكْر الله)( رواه الطبراني وحسَّنه الألباني) .

واتە: باشترین کردەوە ئەوەیە کە بمریت و زمانت پاراوبێت بە یادی خوای گەورە.

٦- مزگەوتەکان، بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ): (أحبّ البلاد إلى الله مساجدها ...)( رواه مسلم) .

واتە: خۆشەویسترین شوێن لەلای خوای گەورە مزگەوتەکانە.

٧- گوتنی وشەی حەق لەلای دەسەڵات داری ستەمکار، بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ): (أحبّ الجهاد إلى الله كلمةُ الحق تقال لإمامٍ جائر)( رواه أحمد وحسَّنه الألباني) .

واتە: خۆشەویسترین تێکۆشان لەلای خوای گەورە وشەیەکی حەقە کە لەلای پێشەوایەکی ستەمکار بگوترێت.

٨- ڕاست گۆیی، بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ): (أحبّ الحديث إليّ أصْدقه)( رواه البخاري) .

واتە: خۆشەویسترین گوتە لەلای من ڕاستترینیانە.

٩- نوێژو ڕۆژوگرتنەکەی داود پێغەمبەر، بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان (ﷺ): (أحبّ الصيام إلى الله صيام داود ، كان يصوم يوماً ويفطر يوماً ، وأحبّ الصلاة إلى الله صلاة داود ، كان ينام نصف الليل ، ويقوم ثلثه ، وينام سدسه)(متفق عليه) .

واتە: خۆشەویسترین ڕۆژو ڕۆژوگرتنەکەی داود پێغەمبەر بوو کە ڕۆژناڕۆژێك بە ڕۆژو دەبوو، وە خۆشەویسترین نوێژ نوێژکردنەکەی داود پێغەمبەر بوو کە تەنها نیوەی شەوەکە دەخەوت، سێیەکی نوێژی دەکرد وە شەش یەکی دەخەوت.

١٠- **خواردنێك كە خەڵكێكی زۆر لێی بخۆن و دەستی بۆ درێژبکەن، بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ):** (أحبُّ الطعام إلى الله ما كثرت عليه الأيدي)( رواه ابن حبان وحسَّنه الألباني) .

**واتە: خۆشەویسترین خواردن لەلای خوای گەورە ئەو خواردنەیە كە دەستی زۆری بۆ ڕابكێشرێت واتا خەڵكێكی زۆر لێیبخۆن.**

١١- **گوتنی** (سبحان الله وبحمده) **بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ)** (أحب الكلام إلى الله أن يقول العبد : سبحان الله وبحمده)( رواه مسلم) .

**واتە: خۆشەویستترین گوتە لەلای خوای گەورە ئەوەیە كە بەندەكەی بڵێت:** " سبحان الله وبحمده ".

١٢- **گوتنی**(سبحان الله ، والحمد لله ، ولا إله إلا الله ، والله أكبر) **بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ)** (( أحب الكلام إلى الله تعالى أربع : سبحان الله ، والحمد لله ، ولا إله إلا الله ، والله أكبر . لا يضرُّك بأيِّهن بدأت)( رواه مسلم) .

**واتە: خۆشەویسترین گوتە لەلای خوای گەورە چوار وشەیە:** (سبحان الله ، والحمد لله ، ولا إله إلا الله ، والله أكبر) **زەرەریشی نییە بەهەر كامیان دەست پێبكەیت.**

١٣- **ڕەوشت جوانی، بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ):** ( أحب عباد الله إلى الله أحسنهم خُلُقاً)( رواه الطبراني وصحَّحه الألباني) .

**واتە: خۆشەویستترین بەندە لەلای خوای گەورە لەناو بەندەکانیدا ئەوەیانە کە ڕەوشتی جوانە.**

**١٤- ناونانی منداڵ بە** (عبدالله وعبدالرحمن) **بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان (ﷺ):** ( أحب الأسماء إلى الله عبدالله وعبدالرحمن)( رواه مسلم) .

**واتە: خۆشەویستترین ناو لەلای خوای گەورە بریتیە لە** (عبدالله و عبدالرحمن).

**١٥- سودگەیاندن بە خەڵکی و دڵخۆشکردنی موسوڵمانان و لادانی ناڕەحەتی لەسەریان و بژاردنەوەی قەرز بۆیان و تێرکردنی برسی، بەبەڵگەی فەرمودەی پێغەمبەرمان(ﷺ):** (أحبّ الناس إلى الله أنفعهم للناس ، وأحبّ الأعمال إلى الله عز وجل سرور تدخله على مسلم ، أو تكشف عنه كربةً ، أو تقضي عنه دَيناً ، أو تطرد عنه جوعاً...)( رواه ابن أبي الدنيا وحسَّنه الألباني) .

**واتە: لای خوای گەورە خۆشەویسترینی خەڵك بەکەڵك ترینیانە بۆ خەڵك، وە خۆشەویسترین کردەوە لەلای خوای گەورە ئەوەیە کە خۆشی بخەیتە دڵی موسوڵمانێکەوە، یان ناڕەحەتیەکی لەسەر لابەریت، یان قەرزێکی بۆ ببژێریتەوە، یان برسێتی نەهێڵیت و تێری بکەیت...**

إعداد القسم العلمي بدار الوطن